# تورکیا و هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی-زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

عێراق لە دوای ساڵی 2005ەوە بە چەندان قۆناغی سیاسیی جیاواز تێ پەڕیوە و هەر قۆناغێك تایبەتمەندیی خۆی هەبووە، هەر هەڵبژاردنێکیش دەسپێکی قۆناغێکی نوێیە و هەڵبژاردنەکانیش لەم وڵاتەدا بەردەوام مشتومڕی زۆری لەبارەوە دەکرێت، چونکە تا ئێستایش کەلتووری دیموکراسی لەنێو دانیشتووانی ئەم وڵاتە جێگیر نەبووە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بە هەردوو جۆرەکەیەوە (ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان) بریتییە لە دستوەردان و کاریگەریی هێزە دەرەکییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. تورکیاش بە حوکمی ئەوەی دراوسێی عێراقە و ڕووداو و پێشهاتەکانی ئەم وڵاتە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر تورکیا دەبێت، بۆیە ئەنقەرە لە نزیکەوە چاودێریی پێشهاتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، بازرگانی و... عێراق دەکات. لەبەر ئەم هۆکارانە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی 18ی کانوونی دووەمی ساڵی 2023یش، بەدەر نییە لەم پێشهاتانە کە گرنگییەکی زۆری بۆ ئەنقەرە هەیە.

ستراتیژییەتی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر عێراق لەسەر بنەماکانی: "**پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق پاراستنی ئاسایشی تورکیا و ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە چەکدارەکان لەسەر خاکی عێراق و پەرەپێدان بە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان عێراق و تورکیا و گرنگیدان بە سێکتەری نەوت و غاز لەگەڵ عێراق**"، بنیات نراوە. بۆیە ئەنقەرە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق، کار لەسەر بەدیهێنانی ئەم خاڵانە دەکات. هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 18ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2023 گرنگییەکی ستراتیژیی بۆ تورکیا هەیە، بەتایبەت هەڵبژاردنەکانی شاری کەرکووك، مووسڵ، ئەنبار، سەلاحەددین و ئەو شارانەی کە سوننە و شیعە لەخۆ دەگرن. لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین پێگەی ستراتیژیی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە سیاسەتی دەرەوی تورکیادا بخەینە ڕوو.

**گرنگیی ئەم هەڵبژاردنە بۆ تورکیا چییە؟**

تورکیا لە نزیکەوە چاودێریی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات، بەتایبەت هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پاریزگاکانی ئەم جارەیان، چونکە کاریگەرییان دەبێت لەسەر دیاریکردنی ئیدارەی ناوخۆیی شارەکانی عێراق و تا ڕادەیەك لە ڕووی دیاریکردنی جۆری پەیوەندییە ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتییەکانی شارەکاندا ئەم ئەنجومەنانە ڕۆڵیان دەبێت؛ هەروەها دیاریکردنی پارێزگارەکان گرنگترین ئەرکی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دەبێت. جگە لە سەرجەم ئەم خاڵانە، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پاریزگاکان لە کەرکووك، پێگە و قورساییەکی تایبەتی هەیە لە ستراتیژییەتی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، چونکە ئەم جۆرە هەڵبژاردنە لە کەرکووك لە ساڵی 2005ەوە ئەنجام نەدراوە و، ئەنجامدانیشی بۆ ئەم جارە وەك بنەمایەك تەماشا دەکرێت بۆ دیاریکردنی شێوازی بەڕێوەبردنی شارەکە لە قۆناغەکانی داهاتوودا. بۆیە

ئەنقەرە، بەتایبەت لەم شارەدا پاڵپشتییەکی ڕاستەوخۆی پێشکەشی بەرەی تورکمانی کردووە و بۆ ئەم مەبەستە کاری کردووە کەوا چەند حزب و لایەنێکی سیاسیی تورکمانی بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی بەرەی تورکمانی "حەسەن تورکان" لەژێر چەتری هاوپەیمانێتییەکدا کۆ بکاتەوە.

حکوومەت لەسەر بەرزترین ئاستدا گرنگی بەم هەڵبژاردنە دەدات و، بەتایبەت ئەوەی شاری کەرکووک. لەم چوارچێوەیەدا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا کە بە سەرۆکایەتیی "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" کە لە 29ی تشرینی دووەمی ساڵی 2023 ئەنجام درا، یەکێك لەو بابەتانەی کە تاوتوێ کرا هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بوو و، لە بەیاننامەی فەرمیی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا دەربارەی کۆبوونەوەکە لە خاڵی چوارەم ڕاستەوخۆ بەم شێوەیە ئاماژە بە عێراق و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك کراوە: "**پەرەپێدانی زیاتری هاوئاهەنگییەکانمان لە هەموو بوارێکدا، بەتایبەت لە بواری ئاسایشیدا لەگەڵ عێراقی دراوسێمان، بۆ هەردوو وڵات و ناوچەکەمان دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی دەسکەوتی بەرچاو. بەوردی هەڵسەنگاندن بۆ ئەگەرەکانی کاریگەریی ئەو پێشهاتانەی پرسی فەڵەستین کرا لەسەر سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە، هەروەها گفتوگۆ لەبارەی دوایین پێشهاتەکانی کەرکووک و دۆخی برایانی تورکمان کراوە. پێداگری لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پارێزگاکە کراوە و تورکیا لە نزیکەوە چاودێریی دۆخەکە دەکات**". تاوتوێکردنی بابەتەکە لەسەر بەرزترین ئاست لە تورکیا، گرنگیی شاری کەرکووك بۆ ئەنقەرە دەخاتە ڕوو. لە بنەڕەتدا تورکیا بە درێژاییی مێژووی سیاسیی عێراق لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا ئێستا، هەمیشە فاکتەری بوونی تورکمانی لە عێراق زیاتر لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەکەیدا مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. واتا هیچ کاتێك تورکیا تەنیا خەمە گەروەکەی، تورکمان نەبووە، بەڵکوو بەردەوام کێشە و گرفتەکەی، بەرژەوەندیی باڵای بووە و لەو کاتانەیش کە ئاماژەی بۆ تورکمان کردووە، ئەوە تەنیا بە مەبەستی گوشارخستنە سەر عێراق و لایەنە سیاسییەکان بووە بۆ بەدەستهێنانی تەنازولاتی زیاتر بۆ تورکیا.

شارە سوننەنشینەکانی وەکوو ئەنبار و مووسڵ و ناوچەکانی دیکە کە سوننەی تێدایە، گرنگی و پێگەی تایبەتیان هەیە بۆ تورکیا، چونکە تورکیا نایەوێت ئەم شارانە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزە نزیکەکانی ئێران و وڵاتانی عەرەبیی وەکوو عەرەبستانی سعوودیا و ئیمارات. بۆیە لە دوای ساڵی 2005ەوە تا ئێستا ئەنقەرە هەوڵی داوە هێزە سوننەکانی نزیکی خۆی لەژێر یەك چەتردا کۆ بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە سەرکردەیەکی بەرچاو بۆ سوننەکان پێ بگەیەنێت و بەپێی قۆناغە جیاوازەکان هەر ماوەیەکی دیاریکراو پاڵپشتیی لە هەندێك لایەن و حزب و گرووپی سیاسی کردووە. بەڵام دەتوانین بڵێین ئەنقەرە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە لە گەیاندنی لایەنە نزیکەکانی سوننە لە تورکیا، بۆ ئەو ئاستەی کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرەدان.

ئەنقەرە جگە لە سوننە و تورکمان، کاری لەسەر ئەوەیش کردووە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەندێك هێزی شیعەیش دابنێت. هەرچەندە زۆرینەی لایەنە سیاسییە شیعەکان نزیکی ئێرانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا تورکیا هەوڵی داوە سوود لە ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە شیعەکان وەربگرێت و هەوڵی داوە خۆی لە ڕەوتی سەدر نزیك بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەڵویستەکانی موقتەدا سەدر ناسەقامگیر و جێگیر نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا پێ دەچێت ئەنقەرە کار بۆ سوودوەرگرتن لەم جۆرە ناکۆکییانە دەکات.

سەبارەت بە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە تورکیا، بەگشتی تێڕوانین و هەڵوێستیان دەربارەی عێراق و کەرکووک، بریتییە لەوەی کە پێویستە سەرجەم پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لە ڕێگەی حکوومەتی فیدراڵییەوە بێت لە بەغدا. لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەتایبەت گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا حزبی گەلی کۆماری (جەهەپە) دژایەتیی خۆی بۆ هەر پەیوەندییەك ڕاگەیاندووە کە لە دەرەوەی پەیوەندییە فەرمییەکان بێت لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق. بەڵام حزبی ئیی (باش)ی ئۆپۆزیسیۆن کە حزبێکی نەژادپەرستە، ئەوان هەڵوێستیان جیاوازترە بەرامبەر بە تورکمانەکان و پشتگیریی هەموو جۆرە پاڵپشتییەکی حکوومەت دەکەن بۆ تورکمان لە عێراق.

## کۆنترۆڵ و باڵادەستیی تەواوی شیعەکان لەو هەڵبژاردنە لە ناوچە سوننەکان و تورکمانەکان، چ کاریگەرییەکی دەبێت بۆ سەر تورکیا؟

هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەرچەندە گرنگە و پێگەی تایبەتی هەیە لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا یاسا و بڕیارە گرنگ و جەوهەرییەکان لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکوومەتی فیدراڵییەوە دەردەچێت. تەنانەت بەم دواییە دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراقیش تا ڕادەیەك وەکوو تەواوکەری سیاسەتی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەکان بەکار هێنرا. بەڵام دوای کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن داعشەوە داگیر کرابوون، لەلایەن هێزە چەکدارەکانی عێراق و حەشدی شەعبییەوە، پلانێکی چڕی حەشدی شەعبی و لایەنە سیاسییە شیعەکان خرایە بواری جێبەجێکردن، کە ئەویش بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنی شارە سوننەنشینەکانی وەکوو مووسڵ و ئەنبار؛ بەتایبەت شاری مووسڵ بەچڕی ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی بەشیعەکردن بۆتەوە و سەرجەم جومگە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەم شارە لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی شیعە کۆنترۆڵ کراوە. بۆیە پێش هەڵبژاردنەکان لەسەر ئەرزی واقعدا جومگە سەرەکیانی زۆربەی ناوچە سوننەکان لەلایەن ئەم گرووپ و هێزانەوە کۆنترۆڵ کراوە.

سەبارەت بە شاری کەرکووك، لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری یەکەمی ساڵی 2017، تورکیا بە هەماهەنگیی ئێران و حکوومەتی فیدراڵیی عێراق، ئەم شارەیان کۆنترۆڵ کرد و کوردیان لە حوکمڕانیی شارەکە پەراوێز خست و شارەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕادەستی حەشدی شەعبی و لایەنە سیاسییە شیعەکان کرایەوە. هەر یەکەم هەنگاویشیان ئەوە بوو کەسێکی نزیکی خۆیان کردە پارێزگار و، دەست کرا بە پرۆسەی تەعریبکردنێکی چڕ. بەم شێوەیە دەرکەوت کەوا ئەنقەرە بەهۆی هەماهەنگیکردنی بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و لایەنە سیاسییە شیعەکان لە ساڵی 2017، هەڵەیەکی مێژوویی و ستراتیژی کردووە. چونکە ئەمە جگە لە کورد بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زیانێکی زۆریشی بۆ تورکمانەکانی شارەکەیش هەبوو. کەواتە تابلۆ سیاسییەکەی پێش هەڵبژاردنەکانی کەرکووك زۆر لە بەرژەوەندیی تورکمان و تورکیادا نەبوو. تەنانەت دوای هەڵبژاردنەکانیش پێ ناچێت لە بەرژەوەندیی تورکمان و تورکیا بێت، چونکە ئەو کورسییانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەدەستی دەهێنێت، لەوانەیە لە دژی ئەنقەرە بەکار بهێنرێت؛ هەروەها ئەوە شاراوە نییە کەوا بەهۆی چالاکییەکانی چەکدارانی پەکەکەوە لە سلێمانی، کێشەیەکی قووڵ لە نێوان بەرپرسانی تورکیا و یەکێتی هەیە. بۆیە پێشبینی دەکرێت یەکێتی بە پاڵپشتیی لایەنە سیاسییە شیعەکان لە کەرکووك، گوشار بخاتە سەر ئەنقەرە. کەواتە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراق، پێشبینی دەکرێت ڕۆژانی سەخت و پڕ لە ململانێ چاوەڕێی ئەنقەرە بکات لەگەڵ یەکێتی لە لایەك و لایەنە سیاسییە شیعەکانی نزیك تاران لە لایەکی دیکە.

**ئایا تورکیا دەتوانێت لە ڕێگەی تورکمانەکان یان سوننەکان، کاریگەریی بخاتە سەر ئەم هەڵبژاردنانە؟**

ئەنقەرە لە دوای ساڵی 2003، بە شێوەیەکی فراوان هەوڵی دا پەیوەندییەکی باش لەگەڵ لایەنە سوننەکان و تورکمانەکان دابنێت. بێ گومان پێش ئەم وادەیەیش ئەنقەرە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی لەگەڵ لایەنە تورکمانەکان هەبوو؛ تا ڕاددەیەکی کەمیش بێت، لەگەڵ سوننەکانیش ئەم جۆرە پەیوەندییە هەبووە، بەڵام لە ئاستێکی نزمدا بوو. کرانەوەی تورکیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و چڕ، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بوو بەسەر لایەنە سیاسییە عێراقییەکان. جیاوازیی تورکیا لەگەڵ ئێران لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییە عێراقییەکان، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کەوا ئەنقەرە هەرچەندە هەوڵیشی داوە بەڵام نەیتوانیوە وەکوو تاران میلیشیای چەکدار بۆ ئەو لایەنە سیاسییانە دابمەزرێنێت کە پاڵپشتییان لێ دەکات. بە واتایەکی دیکە، سیستەمی سیاسیی تورکیا ڕێگە بە حکوومەتی تورکیا نادات هەنگاوێکی لەم جۆرە بنێت. بەڵام ئەگەر تەماشایەکی سیستەمی سیاسیی ئێران بکەین، ئەوە یەکێك لە ستراتیژییەتە جەوهەرییەکانی ئەم وڵاتە بریتییە لە کارکردن بۆ دامەزراندنی گرووپی چەکدار لە دەرەوەی ئێران، بە مەرجێك ئەم گرووپانە خزمەت بە بەرژەوەندیی باڵای ئێران بکەن.

لە لایەکی تر، ئێران لە پاڵ ئەم جۆرە پاڵپشتییانە، دیپلۆماسییەتێکی زۆر سەرکەوتوو پەیڕەو دەکات بۆ ڕاکێشانی گرووپ و لایەنە سیاسییەکان بۆ لای خۆی. ئەوەی بۆ تاران گرنگە هاوکاریکردنە، چا لایەنە سیاسییەکە سەر بە چ مەزهەب و نەتەوەیەك بێت، گرنگ نییە بۆی؛ ئەوەی بۆ تاران گرنگە، وەلائی گرووپەکەیە بۆ ئێران و بەرژەوەندییەکانی. بەرامبەر ئەمە، تورکیا نە ستراتیژییەتێکی فراوانی لەم جۆرەی هەیە و نە بەقووڵی لایەنە سیاسییە عێراقییەکانی خوێندۆتەوە. بۆیە ئەوەی تورکیا تا ئێستا پەیڕەوی کردووە، زیاتر بەپێی پێداویستییەکانی قۆناغەکە بووە و لە هەموویشیان گرنگتر، سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنیان درێژخایەن نەبووە، بەڵکوو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بووە. ئەنقەرە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا، زیاتر لەسەر بنەمایەکی ئەمنی و ئابووری و بازرگانیی ڕەها بنیات ناوە. بۆیە دەبینین ئەوەی بۆ ئەنقەرە گرنگە، ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی پەکەکەیە و لەناوبردنیانە لە لایەك و، لە لایەکی دیکە کار بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی خۆی دەکات لەگەڵ عێراق.

ئەنقەرە لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی هێزە سوننەکانەوە هەوڵی ڕێکخستنی نێوماڵی سوننە دەدات؛ تەنانەت پێش هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2021، هەر دوو سەرکردەی دیاری سوننە "محەمەد حەلبووسی" و "خەمیس خەنجەر"ی بانگهێشتی ئەنقەرە کرد و هەر یەك لە "ئەردۆغان" و "حەلبووسی" و "خەنجەر" و "فیدان" بەیەکەوە دەرکەوتن. ئەمەیش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی کەوا سوننەکانی عێراق بە پاڵپشتیی تورکیا و لەژێر چەتری یەك هاوپەیمانیدا کۆ بوونەتەوە. بێ گومان ئەم هەوڵەی تورکیا بۆ ماوەیەکی کاتی توانیی ململانێکانی نێوان لایەنە سوننەکان سڕ بکاتەوە بەڵام نەیتوانی بەتەواوەتی بنبڕی بکات. پێش ئەم هەنگاوەیش لە ساڵی 2017، تورکیا بە هەماهەنگی لەگەڵ قەتەر کۆنگرەیەکی تایبەتی لە شاری ئیستانبوڵ بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سوننەکان ڕێك خست و، ئامانجی کۆنگرەکە کارکردن بوو بۆ کۆکردنەوەی لایەنە سوننەکان لەژێر یەك چەتردا؛ هەروەها کارکردنیشی لەخۆ گرتبوو بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی سوننە لە عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نفووز و هێزی ئێران لە عێراقدا.

سەبارەت بە تورکمانەکان، کە بە کارتێکی بەهێزی تورکیا دەبینرێت لە عێراق و بەتایبەت لە کەرکووك، ئەنقەرە لەم بابەتەیش تووشی شکستی گەورە بووە، چونکە تاران زۆر بەوردی و وریاییەوە گەیشتۆتە نێو

جەرگەی تورکمانەکان و تا ڕادەیەکی باشیش کۆنترۆڵی کردوون. باشترین بەڵگەیش بۆ ئەمە، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە بۆ ساڵی 2021؛ لەم هەڵبژاردنەدا لە شاری کەرکووک تەنیا سێ تورکمان توانییان کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەست بهێنن، کە دوویان تورکمانی شیعەن و نزیکن لە تاران. ئەوە جێگەی سەرنجە بە ناوی یەکخستنی دەنگی تورکمان بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2021، تورکمانەکانی سوننە و شیعە یەك لیستی یەکگرتوویان پێك هێنا، بەڵام ئەنجامەکەی بۆ کاندیدانی بەرەی تورکمانی، کە تورکیا ڕاستەوخۆ پاڵپشتیی دەکات، زۆر خراپ بوو.

لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، چاوەڕێ دەکرێت هەمان سیناریۆی ساڵی 2021 دووبارە ببێتەوە و دەنگی تورکمانەکان پەرشوبڵاو ببێت؛ چونکە تورکمانەکانی کەرکووك جگە لە ململانێی مەزهەبی (سوننە-شیعە)، ململانێیەکی زۆر سەخت لە نێوانیان سەری هەڵداوە کە خۆی لە دوو ئاراستەی جیاواز دەبینێت، واتا تورکمانە سوننەکانیش لەنێو خۆیان دابەشی سەر دوو بەرە و گرووپ بوونە: گرووپێکیان بۆچوونێکی ئیخوانی و ئیسلامی و نەتەوەییان هەیە کە نزیکن لە حزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا و، سەرۆکی بەرەی تورکمانی "حەسەن توران" سەرۆکایەتییان دەکات. گرووپەکەی دیکەیش بریتییە لەو کەسانەی کە بۆچوونێکی نەژادپەرستیی توندیان هەیە و خۆیان بە پارێزەری یەکپارچەیی خاکی عێراق دەناسێنن و، کەسایەتیی سیاسیی ناوداری کەرکووك و سەرۆکی پێشووی بەرەی تورکمانی "ئەرشەد ساڵحی" سەرۆکایەتییان دەکات. کەواتە تورکمانە سوننەکان، لە لایەك ململانێی تورکمانە شیعەکان دەکەن و لە لایەکی دیکەیشەوە لەنێو خۆیاندا ناتەبان و کێشەی زۆریان هەیە. سەرەڕای هەموو ئەم کێشە و گرفتانە، ئەنقەرە هەوڵی دا لانی کەم زۆرینەی لایەنە تورکمانەکانی کەرکووك لەژێر چەتری یەك هاوپەیمانێتیدا کۆ بکاتەوە بە ناوی "هاوپەیمانیی بەرەی تورکمانیی یەکگرتوو" کە پێك هاتووە لە نۆ لایەنی سیاسیی تورکمانی و تیایدا هەم دوو ئاراستە و گرووپی تورکمانە سوننەکان لەخۆ دەگرێت، هەمیش هەندێك ناوی تورکمانی شیعەی تێدایە.

سەرجەم ئەم هەنگاوانەی تورکیا، بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەرییە لە ڕێگەی سوننەکان و تورکمانەکان لەسەر هەڵبژاردنەکان بەگشتی و ئەم هەڵبژاردنە بەتایبەت و، دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی سنووردار تورکیا پێی دەکرێت ئەم کاریگەرییە دروست بکات؛ هەروەك لە نموونەی سوننەکان بینیمان کە چۆن توانرا بە گوشاری تورکیا سوننەکان بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت هاوپەیمانیی "سیادە" پێك بهێنن و ببنە ژمارەیەکی گرنگ لەنێو هاوکێشە سیاسییەکەی عێراق و، تورکیا توانیی زۆرینەی تورکمانەکانیش- سەرەڕای کێشە و گرفتەکانی نێوانیان- لەژێر چەتری یەك هاوپەیمانیدا کۆ بکاتەوە.

**تورکیا چۆن سیاسەتی خۆی لە نێوان کورد و سوننە و شیعەدا ڕێک دەخات؟**

تورکیا بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە سەرجەم لایەن و مەزهەب و گرووپە جیاوازەکانی عێراق لە چوارچێوەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا بگەنە مافە ڕەواکانیان و ڕێزیان لێ بگیرێت. واتە ئەگەر تەماشایەکی سیاسەتی تورکیا بکەین بەرامبەر بە عێراق، ئەوە بۆمان دەردەکەویت چوارچێوە گشتییەکە بریتییە لە ڕێزگرتن لە سەرجەم لایەنەکان، بە سوننە و شیعە و کورد و تورکمانەوە، بەڵام لە چوارچێوەی بنەمای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق. هەروەها ئەنقەرە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی تورکیا، ڕەفتار لەگەڵ لایەنە سیاسییە عێراقییەکان دەکات. هەرچەندە هاوکێشە سیاسییەکەی عێراق زۆر ئاڵۆزە و مامەڵەکردن لەگەڵی زۆر کارێکی قورسە، بەڵام تورکیا هیچ کاتێك نەیتوانیوە خۆی لە

مەزهەبگەرایی بپارێزیت، چونکە ئەم خاڵە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆی ماوەتەوە؛ بەڵام ئەگەر بەرژەوەندییەکانی وا بخوازێت کار لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی نزیك ئێران بکات، ئەوە ئەنقەرە هەردەم ئامادەیە هەماهەنگییان لەگەڵدا بکات. جوانترین نموونەیش بۆ ئەم حاڵەتە هەماهەنگیی تورکیا – ئێران – عێراقە لە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر. جگە لەمە ئەنقەرە هەوڵی داوە سوود لە ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە شیعەکان وەربگرێت و دەتوانین بڵێین ئەنقەرە ئامادە بووە تەنانەت لەگەڵ "نووری مالیکی" و هەندێك لایەنی دیکەی شیعە وەکوو "قەیس خەزعەلی"یش، کە بە توندڕەوییەکەیانەوە دەناسرێن، کۆ بێتەوە و پەیوەندییان لەگەڵدا دابنێت. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەنقەرە بەردەوام هەوڵی هەماهەنگیی داوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ گرووپە شیعەکان بکات. هەروەها دەبێ ئەوەیش لەبەرچاو بگرین کەوا وەزیری دەرەوەی تورکیا "هاکان فیدان" ستراتیژییەتی کارکردنی وڵاتەکەی لەسەر بنەمای جیاوازینەکردن لە نێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی عێراق- بە سوننە و شیعە و کورد و تورکمانەوە- داڕشتووە و چوارچێوە گشتییەکەی بۆ ئامادە کردووە. هەر لەم چوارچێوەیەدا "فیدان" لە دوایین سەردانی بۆ عێراق بە شێوەیەکی فراوان لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەجیا کۆ بووەوە؛ ئەمەیش خۆی لە خۆیدا پەیامێکی گرنگ بوو لەلایەن ئەنقەرە، کەوا ئامادەیە لەگەڵ سەرجەم لایەنەکان بەبێ جیاوازی پەیوەندییەکی باش دابنێت.

سەردانەکەی "فیدان" بۆ عێراق، دەکرێ ببێتە سەرەتایەك بۆ پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی عێراق، چونکە ئارەزووی تورکیای نیشان دا بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بۆ پەیوەندییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ لایەنە شیعەکان، سوننەکان، کورد و تورکمان. کەواتە دەتوانین بڵێین لە قۆناغەکانی داهاتووی پەیوەندیی نێوان عێراق و تورکیا، کرانەوەیەکی بەرچاوی تورکی بەڕووی لایەنە سیاسییە عێراقییەکاندا دەبینین، بەهۆی گۆڕانکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە. هەروەها "فیدان" وەزیرێکی تورکی بەئەزموونە لە بواری ناسینی لایەنە سیاسییەکانی عێراق، چونکە چەندان ساڵ سەرۆکی دەزگەی هەواڵگریی تورکیا بووە و بەم هۆیەوە شارەزاییەکی باشی هەیە لە ژیانی سیاسیی عێراقی؛ لە پاڵ ئەمەیش پەیوەندییەکی بەرچاویشی لەگەڵ زۆربەی بەرپرسە عێراقییەکان هەیە.

هەر لەم قۆناغە نوێیەی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە عێراق، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنقەرە لەمەوبەدوا کار دەکات سەرجەم پەیوەندییەکانی خۆی لە چوارچێوەی حکوومەتی فیدراڵی عێراقیدا بێت، چونکە ئەنقەرە نایەوێت لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراق لە خۆی نیگەران بکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە، دەبینین لە قۆناغەکانی ڕابردوودا ئەنقەرە بەبێ گوێدان بە بۆچوون و هەڵوێستی حکوومەتی عێراق، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەبەست، بەتایبەت پەیوەندییەکانی ئەنقەرە-هەولێر لە ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیەك بوو کە نیگەرانیی بەغدای لێ کەوتبووەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا لە قۆناغی ئێستادا ئەنقەرە خۆی لە کێشەکانی نێوان بەغدا-هەولێر بەدوور گرتووە، چونکە نایەوێت بە شێوەیەك دەربکەوێت نیگەرانیی تاران و لایەنە سیاسییە شیعەکانی عێراقی لێ بکەوێتەوە. هەروەها ئەنقەرە ئێستا گەیشتۆتە ئەم قەناعەتەی، کەوا کێشەکانی بەغدا-هەولێر خەریکە زیان بە تورکیاش دەگەیەنێت، بەتایبەت دوای بڕیاری دادگەی ناوبژیوانیی پاریس دەربارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم. بۆیە ئەنقەرە لەمەوبەدوا نایەوێت کێشەی زیاتر بۆ خۆی دروست بکات و لە بری ئەو، ئامرازی گوشاری دیکە بەرامبەر بە عێراق بەکار دەهێنێت کە گرنگترینیان "کارتی ئاو"ە، کە بەڕاستی ئەم کارتی گوشارەی تورکیا، کێشەی زۆری بۆ عێراق دروست کردووە و ئێستا ئەمە بۆتە بابەتێکی گرنگی دانوستان لە نێوان بەغدا و ئەنقەرە.

**کۆبەند**

عێراق لە ستراتیژییەتی تورکیا لە سەرجەم قۆناغەکاندا پێگە و ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە؛ هەر ڕووداویکیش لەم وڵاتە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر تورکیا دەبێت. هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش ڕووداوێکی سیاسیی گرنگە لەسەر ئاستی حکوومەتە خۆجێییەکان لە شارەکانی عێراق، بەتایبەت شارە سوننەنشینەکان، کە گرنگییەکی تایبەتی بۆ تورکیا هەیە. هەرچەندە پێشبینییەکان بە ئاراستەی ئەوەدایە کە پێ ناچێت نەخشەی سیاسی لە شارەکانی عێراقدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، بەڵام بەهۆی بایکۆتکردنی ڕەوتی سەدر بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، ڕێژەی بەشداریکردن تیایدا تا ئاستیکی بەرچاو نزمە، بەتایبەت لە شارە شیعەنشینەکاندا. لەوانەیە نەخشەی سیاسیی ئەم جارەیان لەبار بێت بۆ سەرهەڵدانی کێشە و گرفتی دیکە لە نێوان لایەنە سیاسییە شیعەکان لە لایەك و لە نێوان لایەنە سیاسییە شیعەکانی نزیك لە تاران و بەشێك لە سوننەکان لە لایەکی دیکەوە. هەروەها پێگەی کەرکووکیش، پێ دەچێت دوای هەڵبژاردنەکان شڵەژاوتر بێت و نەتوانرێ تیایدا سەقامگیری بەرپا بکرێت، چونکە پێشبینی دەکرێت یەکێتی و هەندێك لایەنی سیاسیی دیکە کە لەوانەیە نوێنەرەکانیان بنێرنە ئەنجومەنی پارێزگا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژایەتیی ئەنقەرە بکەن و گوشار بخەنە سەر تورکمانەکانی نزیك ئەنقەرە. ئەمەیش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی تێکدانی سەقامگیریی سیاسیی شارەکە. بۆیە دەتوانین بڵێین کەرکووك هێڵی سووری تورکیایە لە عێراق؛ زۆر ئەستەمە ئەنقەرە بە هاوکێشەیەکی سیاسیی ئاوا ڕازی بێت کە لە دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی بێت. بۆیە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەتوانین بگەینە ئەم دەرەنجامەی، **کەوا قۆناغێکی سەخت و پڕ لە کێشمەکێش چاوەڕێی ژیانی سیاسیی عێراق دەکات و دوور نییە بگاتە ئاستی شەڕ و پێکدادان؛ چونکە بارودۆخەکە ئەوەندە هەستیارە لەوانەیە بە بچووکترین ڕووداو بتەقێتەوە.**